# هیچ پێغەمبەرێک نەمردووە هەتاوەکو شوێنکەی پێ نیشاندەدرێت لە بەهەشتدا، پاشان بژاردەی پێدەدرێت، کاتێک نەخۆش بوو، وسەری لەسەر ڕانم بوو لەهۆی خۆی چوو، پاشان خەبەری هاتەوە پاشان سەیری بنمیچی خانووەکەی کرد، پاشان فەرمووی: خودایە، هاوەڵانی سەرەوە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک تەندروستی باش بوو؛ دەیفەرموو: «هیچ پێغەمبەرێک نەمردووە هەتاوەکو شوێنەکەی پێ نیشاندەدرێت لە بەهەشتدا، پاشان بژاردەی پێدەدرێت»، کاتێک نەخۆش بوو، وسەری لەسەر ڕانم بوو لەهۆش خۆی چوو، پاشان خەبەری هاتەوە پاشان سەیری بنمیچی خانووەکەی کرد، پاشان فەرمووی: «خودایە، هاوەڵانی سەرەوە»، ووتم: کەواتە ئێمە هەڵنابژێرێت، بۆیە زانیم ئەمە ئەو قسەیە بوو کە بۆمانی باسدەکرد کاتێک تەندروستی باش بوو، کۆتا وشەکان کە فەرمووی: «خودایە، هاوەڵانی سەرەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک تەندروستی باش بوو، پێش ئەوەی تووشی ئەو نەخۆشیە بێت کە تێیدا کۆچی دواییکرد، فەرمووی: هیچ پێغەمبەرێک نەمردووە هەتاوەکو خوای گەورە شوێنەکەی پێ نیشان دەدات لە بەهەشتدا، پاشان بژاردەی پێدەدات لە نێوان مانەوە لە دونیا یان گەیشتن بە شوێنەکەی لە بەهەشتدا، عائیشە دەڵێت: کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەخۆش کەوت، ئەو نەخۆشییەی تێیدا کۆچی دواییکرد، سەری لەسەر ڕانم بوو لەهۆش خۆی چوو، پاشان خەبەری هاتەوە پاشان سەیری بنمیچی خانووەکەی کرد، پاشان فەرمووی: (خودایە، هاوەڵانی سەرەوە): واتا هاوەڵانی سەرەوەی هەڵبژارد، ئەوانیش پێغەمبەرانن کە لە بەرزترین پلەکانی بەهەشتدان، عائیشە دەڵێت: ئەگەر خوای گەورە بژاردەی پێبدات لە نێوان دونیا وقیامەتدا؛ ئەوا قیامەت هەڵدەبژێرێت، وئێمە هەڵنابژێرێت، بۆیە زانیم؛ ئەم بژاردەیە ئەو قسەیە بوو کە بۆمانی باسدەکرد کاتێک تەندروستی باش بوو، عائیشە دەڵێت: کۆتا وشەکان کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی بریتی بوو لە: (اللهم الرفيق الأعلى:خودایە، هاوەڵانی سەرەوە).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10988

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee